www.kurdistannet.org
19-3-2003 22:50

# عێراقی بوون و ئیمتیازاتی مەرگ

عومەر کەریم بەرزنجی

دەماگیری هەمیشە مەترسیەکی گەورە بووە لەسەر مرۆڤایەتی، ئەوانەی بەهۆی دەمارگیرییەوە بونەتە قوربانی گەلێك زۆرن ئەو دەمەی هەموو شتێکی خۆمان بەڕاستەقینە دەبینین و شتەکانی بەرانبەریش بەنادروست و خراپ هەڵدەسەنگێنین ئیدی دەبینە دیکتاتۆر، فاکتەری سەرەکی دروست بوونی دیکتاتۆرەکانیش خۆمانین، ئەوساتانەی ئەو دێت و لە بەرانبەر ئێمەی ڕەعیەت دا دەدوێ و شانازی بەکردەوەو ڕەفتارەکانی خۆیەوە دەکات ئێمەیش تامەزرۆیانە لەبەردەمیدا دەوەستین و گوێ بۆ وتەکانی دەگرین بێئەوەی ڕەخنەی لێ بگرین و هەڵەو کەم و کوڕییەکانی بۆ دەستنیشان بکەین، بەشان و باڵیدا هەڵدەدەین و دەست بەکلاوەکەی خۆمانەوە دەگرین تا بانەیبا، ئیدی ئەو دەبێتە دیکتاتۆرو ئێمەی ڕەعیەتیش دەبینە قوربانی.

ئێمەی کورد جگە لەوەی گەلێکی نیشتمان داگیرو دابەش کراوین، ئەو وڵاتانەیش کە بەسەریدا دابەش کراوین، حوکم ڕانەکانی جگە لە شەڕوکاولکاری هیچی دیکەیان پێنەبەخشیوین، ئەوان هەمیشە لەهەوڵی لەناوبردن و قڕکردنی ئێمەدا بوون ئێمەی بندەستی داگیرکەران هەمیشە لەژێر هەڕەشەی لەناوبردندا بووین، ئەوئیمتیازاتەی پێمان ڕەوا بینراوە جگە لەکوشتن و لەناوبردن هیچی دیکە نەبووە، ئێمەی کوردی باشوری کوردستان زۆرجار عێراق چییانە بیرمان کردۆتەوەو بیری عێراق چێتی پانتاییەکی بەرفراوانی لە بیرکردنەوەماندا داگیر کردووە، داگیر کەرانیش هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی هەستی نەتەوەییمان، وەڵێ ئەوەی پتر جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە حیزبەکانمان ئەوەندەی حیزب چێتی دەکەن نیو ئەوەندە هەوڵی گەشە پێدان و تۆکمەکردنی هەستی نەتەوەییان نەداوە ئەگەرچی من پێموایە نابێت هەستی نەتەوەیی عەقڵیەتێکی شۆڤێنییانەمان لا دروست بکات و دەمارگیرانە بڕوانینە دەورو بەرەکەمان.

جەنگی چاوەڕوان کراوی ئەمریکا دژبە عێراق ترسو بیمێکی زۆری لەناو خەڵکی کوردستان دا دروست کردووە ئەم ترسەش لەخۆڕا نییە زۆربەی خەڵکی کوردستان بەعس و دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکەی دەناسن، ئەو وڵاتەی کە خۆمان بەهاوڵاتی دەزانین هەمیشە مەترسیدار بووە بۆسەر خەڵکی کوردستان، ئەوەتا خەڵکی کوردستان لەمەترسی هێرشی کیمیاوی و چەکە کۆکوژەکانی ئەو ڕژێمەدان و لەناو جەرگەی ڕوداوەکاندا، کەسێك هەوڵی دابین کردنی پێداویستی ڕوبەڕوو بوونەوەی ئەم جەنگە دابین ناکات بۆ خۆپاراستن لەهەر هێرشێك، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش زۆر خەمساردن لەبەرانبەر ئەم گەلە داگیرو دابەشکراوەدا.

٢٠٠٣/٣/١٨

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣